Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژیی Cubing لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن لە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان

## لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیی (قوتابخانەی لیدەرس) وەك نموونە


**م.د.شێرزاد علي احمد**

کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی گەرمییان

sherzad.ali@garmian.edu.krd

**م.ی. ڕەنگین صديق بكر**

کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی هەڵەبجە

rangin.bakr@uoh.edu.iq



**پوختە:**

ئامانجـی توێژینەوەکـە زانینـی کاریگەریـی بەکارهێنـانی سـتراتییژی Cubing لەسـەر گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لای فێرخـوازانی پـۆلی پێنجەمـی بنەڕەتییـە لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان، تێیـدا توێـژەران میتـۆدی ئەزموونگەرییـان بەکارهێنـاوە کـە، بـە تاقیکردنـەوەی پێشـیی و پاشـیی (pre-test and post-test) بـۆ گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن جێبەجـێ کـراوە. کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە سـەرجەم فێرخـوازانی پـۆلی پێنجـی بنەڕەتیـی لـە قوتابخانـە بنەڕەتییـەکانی ناوەنـدی پارێـزگای هەڵەبجـە کـە، ژمارەیـان بریتییـە لـە (٢٢٨٥) فێرخـواز لـە (٤٥) قوتابخانـەی حوکومیـی و ناحوکومیـی بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)، توێـژەران فێرخـوازانی پـۆلی پێنجـی بنەڕەتییـان لـە قوتابخانـەی ناحکومیـی (لیـدەرس) وەك سامپڵی توێژینەوەکەیـان هەڵبـژارد. توێـژەران هـەردوو گرووپـی توێژینەوەکەیـان هاوسـەنگ کـرد لـەم گۆڕاوانـەدا: (تەمـەن، زیرەکیـی، ئاسـتی خوێندەواریـی دایـکان و بـاوکان، تاقیکردنـەوەی پێشـیی بـۆ پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن)، توێـژەران پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەییـەکانی گفتوگۆکردنیـان بەکارهێنـا، پـاش دەرهێنـانی راسـتێتی کـە، (٠,٨٧) و جێگیریـی پێوەرەکـە، (٠,٨٩) بـوو. دەرئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە بریتییـن لـە: بەکارهێنـانی سـتراتییژی Cubing کاریگەریـی کارا و بەرچـاوی هەیـە چونکـە، فێرخـوازانی گروپـی ئەزموونیـی ناوەندەژمێرییـان (٩٨,٦٦٧) بـەراورد بـە ڕێـگای ئاسـایی، کـە ناوەندەژمێرییـان (٨٣,٢٨٦) لەسـەر گەشـەپێدانی کارامەییـەکانی گفتوگۆکـردن، هەروەهـا بەکارهێنـانی سـتراتییژی «کوبینـگ» وا لـە فێرخـوازان ئـەکات زیاتـر چالاکـبن و ببنـە هـۆی خۆشـیی خسـتنە نێـو وانەکـە و چالاکیـی زۆرتـر بکـەن چونکـە بەهـای هەژمارکـراو (٥,٠٢٥) گەورەتـرە لـە بەهـای خشـتەیی (٢,٠٢١). لـە کۆتـای توێژینەوەکـەدا و لـە ڕێگـەی ئـەو ئەنجامانـەی لـە خشـتەکانیی (٩، ١٠، ١١)هوە بـە دەسـتهاتوون توێـژەران ئـەم ڕاسـپاردانەی خـوارەوە ئاراسـتەی لایـەنی پەیوەندیـدار کـرد: ڕاهێنانکـردن بـەو مامۆسـتایانەی لـە قۆناغـی بنەڕەتیـی وانـەی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان ئەڵێنـەوە لەسـەر بەکارهێنـانی سـتراتییژی Cubing لـە ڕێگـەی خـوولی ڕاهێنانـەوە لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتیـی مەشـق و ڕاهێنـانی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی شـارەکان و دانـانی وانـەی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ ئـەو مامۆسـتایانەی ڕاهێنانیـان کـردووە لەسـەر سـتراتییژە نـوێ و کاراکانی وانەوتنـەوە بەتایبـەتی سـتراتییژی Cubing لـە لایـەن بەڕێوەبـەرانی قوتابخانەکانـەوە.



**- کلیلە وشەکان: (کاریگەری، ستراتییژیی Cubing، کارامەیی، گفتوگۆکردن)**

Recieved: 17/11/2023

Accepted: 3/1/2024





E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

پــەروەردە لــە ســەردەمی شارســتانییەتە دێرینــەکان تاوەکــوو ســەردەمی ئێســتا بــە یەکێــك لــە بنەمــاو ناوەنــدە گرنگــەکانی گەشــە و پێشــکەوتنی کۆمەڵگــە دائەنرێــت، هــاوکات یەکێکــە لــە بونیــادە گرنگــەکانی کۆمەڵگــە ســەردەمیی و پێشــکەوتووەکان، لەگــەڵ پێشــکەوتنی شارســتانییەت و شــۆڕشی زانیاریــی، پێویســت بــوو گەشــە بــە لایــەنی پەروەردەییــش بدرێــت بــۆ ڕۆیشــتن شانبەشــانی گۆڕانکارییــەکان، بۆئــەوەی وا لــە فێرخــوازان بکرێــت لــە گشــت ئاســتەکانی خوێندنــدا ســوود لــە ئامــراز و تەکنەلۆژیــا هاوچەرخــەکان وەربگرێت.(حیلـة، ٢٠٠٧: ٢٢٩)

لــە پــەروەردەی هاوچەرخــدا قوتابیــی چالاکــە و ڕۆڵــی ســەرەکیی ئەبینێــت و مامۆســتاش پاڵنــەر و ڕێنیشــاندەر و ڕێنماییکاریــەتی، بۆئــەوەی مامۆســتا بتوانێــت بــە ڕۆڵــی خــۆی هەڵبســێت پێویســتە شــارەزای ڕێــگا و شــێوازە نوێــکانی وانەوتنــەوە بێــت.

ئاراســتە نوێیــەکانی پــەروەردەش جەخــت لەســەر گرنگیــی هاوکاریــی و پەیوەندیــی نێــوان مامۆســتا و فێرخــواز ئەکەنــەوە و گرنگیــی ئــەدەن بــە ئــەو تیۆرانــەی کــە کاریگەرییــان هەیــە لەســەر باشــبوونی پەیوەندیــی لەنێــوان مامۆســتا و فێرخــوازدا، بەگرنگییــدان بــە ئــەو ســتراتیژە نوێیانــەی کــە، کاراتــرن لــە گەیانــدنی زانیاریــی بــە فێرخــوازان لــە ڕێگــەی گفتوگــۆوە.(التميمي، ٢٠٠٥: ١٢)

وانەوتنــەوەی کارا و کاریگــەر پەیوەســتە بــە هەمــوو ئــەو ڕێــگا و شــێوازە جۆربەجۆرانــەی مامۆســتا لەگــەڵ فێرخوازانــدا ئەیگرێتەبــەر لــە هەمــوو لایەنــەکانی جەســتەیی و گیانیــی فێرخوازانــەوە بــۆ زیاتــر سەرنجڕاکێشــان و خۆشــیی خســتنە نــاو وانەکەوە.(قزامــل، ٢٠١٢ :١٧)

ســتراتیژیی Cubing یەکێکــە لــەو ســتراتیژییانەی کــە فێرخــواز ڕۆڵــی چــالاکی هەیــە و بەشــدارە لــە وانەکــەدا، بۆیــە ئەکرێــت ڕێگەیــەکی بــاش و ســەرکەوتوو بێــت بــۆ وانەوتنــەوەی کارامەیــی و بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئەزموونیی بەکارهێنراوە، لەبەر گونجاویی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

### - گرفتی توێژینەوەکە

بەهــۆی بــوونی کێشــە لــە قوتابخانــەکانی هەرێمــی کوردســتاندا لــە وتنــەوەی بابەتــەکان و گەیانــدنی بــە فێرخــوازان، توێــژەران هەوڵیانــداوە لەڕێگــەی بەکارهێنــانی ســتراتیژی (Cubing)ەوە بــۆ وتنــەوەی بابــەتی کارامەیــی و بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان پــەرە بــە تواناکانــی فێرخــوازان بــدەن، توێــژەران کێشــەی توێژینەوەکەیــان بــە شــێوەی پرســیار دەستنیشــان ئەکــەن، بــەم شــێوەی خــوارەوە:

ئایا بەکارهێنــانی ســتراتیژی Cubing کاریگەریــی هەیــە لەســەر گەشــەپێدانی کارامەیــی گفتوگۆکــردن لای فێرخــوازانی پــۆلی پێنجەمــی بنەڕەتیــی لــە بابــەتی کارامەیــی و بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان؟

### - گرنگیی توێژینەوەکە

بــە هــۆی گەشەســەندن و پێشــکەوتنی زانســت و تەکنەلۆژیــای پەروەردەیــی و کرانــەوەی کۆمەڵگــەکان بــە ڕووی

جیهانـدا کـە، بووەتـە هـۆی گۆڕانکاریـی بنچینەیـی و گرنـگ لـە سـەرجەم بـوارەکانی ژیـان و کاریگەریـی راسـتەوخۆی لەسـەر لایـەنی پەروەردەیـی هەیـە لـە رووی ئامانجـەکان و پرۆگـرام و ئامرازەکانییـەوە، بـە تایبەتیـی بـۆ ئاسـتە جیـاوازەکانی خوێنـدن، ئەمـەش بـووە بـە هـۆی ئـەوەی زۆرێـك لـە وڵاتـان کاربکـەن بـۆ دۆزینـەوەی نوێتریـن سـتراتیجیی وانەوتنـەوە. (الزوینـي واخـرون، ٢٠١٣ :١٨)

توێژەران گرنگیی توێژینەوەکەیان بەم شێوەی خوارەوە خستەڕوو:

١- پێشـبینی ئەکرێـت ئـەم سـتراتیژە وا لـە فێرخـوازان بـکات زیاتـر گرنگیـی بـە وانەکەیـان بـدەن و گەشـە بـە کارامەیـی گفتوگۆکردنیـان بدات.

٢- ئەم ستراتیژە وا لە فێرخوازان ئەکات بەبێ ترس بیرۆکەکانیان دەرببڕن و چالاکانە بەشداریی لە وانەکەدا بکەن.

٣- توێژینەوەکـە سـوودی بـۆ مامۆسـتایان ئەبـێ بـۆ دیارییکـردنی ئاسـتی گفتوگۆکـردنی فێرخـوازان لـە ڕێگـەی پێـوەری بەکارهێـنراوی گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکردنـەوە.

**- ئامانجی توێژینەوەکە**

زانینــی کاریگەریــی بەکارهێنــانی ســتراتیژی Cubing لەســەر گەشــەپێدانی کارامەیــی گفتوگۆکــردن لای فێرخــوازانی پــۆلی پێنجەمــی بنەڕەتیــی لــە بابــەتی کارامەیــی و بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان.

## توێژینەوەکە چەند گریمانەیەکی بەهەند وەرگرتووە، وەک:

**گریمانەی یەکەم:**

جیاوازیـی ماناداریـی ئاماریـی نییـە لـە ئاسـتی (٠,٠٥)ی فێرخـوازان لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی ئەزموونیـی کـە، بابـەت بەپێـی سـتراتیژی Cubing وەرئەگـرن لەگـەڵ ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو کـە، هەمـان بابـەت بـە ڕێگـەی ئاسـایی وەرئەگـرن لـە تاقیکردنـەوەی پاشـیی گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن.

**گریمانەی دووەم:**

جیاوازیـی ماناداریـی ئاماریـی نییـە لـە ئاسـتی (٠,٠٥)ی فێرخـوازان لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی ئەزموونیـی کـە، بابـەت بەپێـی سـتراتیژی Cubing وەرئەگـرن لـە تاقیکردنـەوەی پێشـیی و پاشـیی گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن.

**گریمانەی سێیەم:**

جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە ئاسـتی (٠,٠٥)ی فێرخـوازان لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو کـە، بابـەت بەپێـی ڕێگـەی ئاسایی وەرئەگـرن لـە تاقیکردنـەوەی

پێشـیی و پاشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن.

١-٥- سـنووری توێژینەوەکـە: فێرخـوازانی پـۆلی پێنجەمـی بنەڕەتیـی لـە قوتابخانـەی (لیـدەرسی ناحکومیـی) بـۆ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ و بـە دیاریکراویـی بابەتـەکانی نێـو کتێبـی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکانی پـۆلی پێنجەمـی بنەڕەتیـی بـۆ قوتابخانـەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

## پێناسەی زاراوەکان

### - ستراتیژی وانەوتنەوە

هەریەك لە مانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە:

(عـلي، ٢٠١٠): کۆمەڵێـك ڕێـکاری وانەوتنەوەیـە، مامۆسـتا هەڵیئەبژێرێـت و پـلانی هەیـە لـەکاتی وانەوتنـەوەدا بـەکاری بهێنێـت، بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامانجـە پێشـکەوتووەکانی فێرکـردن بـە زۆرتریـن کاریگەریـی (عـلي، ٢٠١٠ :٨٤).

(اللولـو، ٢٠٠٦): هونـەری هەماهەنگیـی کـردە فێرکارییەکانـە بـۆ بەدیهێنـانی چەنـد ئامانجێـکی دیاریکـراو لـە بارودۆخێـکی دیاریکـراو کـە، چەندیـن ڕێـگا و شـێواز لەخۆدەگرێـت (اللولـو، ٢٠٠٦ :٢).

پێناسـەی توێـژەران: پلانێـکی گشـتگیری ئامادەکاریـی وانەوتنەوەیـە، کـە هەریەکـە لـە ڕێـگا و شـێوازیش لـە خۆئەگرێـت بـە مەبەسـتی بەدیهێنـانی ئامانجـە فێرکارییـەکان.

### - ستراتیژی Cubing

(أمبوسـعيدي والبلـوشي، ٢٠١١): بریتییـە لـە شـێوازێکی بیـنراو کـە، یارمەتیـی فێرخـوازان ئـەدات زانیارییەکانیـان ڕێـك بخـەن لـە شـەش لاوە (أمبوسـعيدي والبلـوشي، ٢٠١١: ٤٩٦).

(أحمـد، ٢٠١٩): بریتییـە لـەو سـتراتیژەی کـە، یارمەتیـی فێرخـوازان ئـەدات بـۆ ڕێکخسـتنی زانیارییەکانیـان دەربـارەی ڕووداو یـان دیاردەیـەك کـە، مەبەسـتی وانەکەیـە لەشـەش لایەنـەوە (أحمـد، ٢٠١٩: ٢٢٥).

پێناسـەی توێـژەران: بریتییـە لـە کۆمەڵـە ڕێکارێـکی وانەوتنـەوە کـە، شـەش قۆناغـی یـەك لـەدوای یـەك لەخۆئەگرێـت (وەسـفکردن، بەراوردکاریـی، درووسـت کـردنی پەیوەندیـی، شـیکارکردن، گواسـتنەوەی زانیارییـەکان، سـەلماندن)، ئامانـج لێـی گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکردنـە لای فێرخـوازانی پـۆلی پێنجەمـی بنەڕەتیـی.

### -کارامەیی گفتوگۆکردن

- (شـقوره، ٢٠١٥): بریتییـە لـە بنیاتنـانی کۆمەڵـە بنەمـاو ڕەفتارێـك بـۆ فێرخـواز کـە، پـەرە بـە توانـای گفتوگۆکـردنی گونجـاو لەگـەڵ فەلسـەفەی کۆمەڵگـەدا ئـەدەن بـۆ فێرخـوازان و ئەتەکێتـی گفتوگۆکـردن بـەرز ئەکەنـەوە لـە هەڵوێسـتە جیاوازەکاندا.(شـقوره، ٢٠١٥:٦)
- (سـید، ٢٠٢١): بریتییـە لـە توانـای ئاڵوگۆڕکـردنی بیـروڕاکان و خسـتنەڕووی پێشـنیاز بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی دیاریکـراو کـە، هەمـوو لایەنـەکان ڕازیـی بـکات لـە کاتی گفتوگۆکـەدا (سـید، ٢٠٢١: ٤٤١)


- پێناسەی توێژەران: بریتییە لە توانای فێرخواز بۆ دروستکردنی پەیوەندیی زارەکیی و نازارەکیی لەگەڵ کەسانی تر، لە ڕێگەی چالاکیی و هەوڵە زانستییەکانییەوە بە یارمەتیی مامۆستا، ئاست و توانای فێرخوازانیش لە ڕێگەی پێوەری ئامادەکراوی نێو توێژینەوەکەوە ئەپێورێت.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

### - ستراتیژی Cubing

ستراتیژی Cubing یەکێکە لە جۆرەکانی ستراتیژی فێرکردن کە, لەسەر بنەمای ڕێکخستنی زانست دامەزراوە و لە ساڵی (١٩٨٠) لەلایەن (Cowan and Cowan) پەرەی پێدراوە، بەوپێیەی کار ئەکات بۆ هاندانی فێرخواز بۆ بیرکردنەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا بە سەیرکردنی بابەتەکە یان، چەمکەکە لە شەش لاوە کە، بریتین لە (وەسفکردن، بەراوردکردن، پەیوەندییکردن، شیکاریی، گواستنەوە، سەلماندن یان بەڵگەهێنانەوە)، لەم شیکارییەدا، ئەوە هاوتایە لەگەڵ پۆلێنکردنی بنیامین بلوم لە ئاستە گشتییەکانی زانستدا، واتە کارئەکات بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی ئاستە جیاوازەکان لە بیرکردنەوەدا.(خالد، حنش، ٢٠٢٢: ٥٣٧)

ئەم ستراتیژە وا ئەکات فێرخواز لە بیرکردنەوەدا نەرمونیان بێت و دیدێکی قووڵی هەبێت بۆ بابەتەکە کە، لە ئەنجامی سەیرکردنی بابەتەکە لە لایەنی جیاوازەوە، پاشان فێرخواز بە شێوەیەکی گشتگیرتر لە بابەتەکە تێئەگات و یارمەتیی مامۆستا ئەیات بۆ دانانی کۆمەڵێک پرسیار و ئاست لە شەش لاکە کە، ڕووی جیاوازی لەسەر بابەتەکە هەیە.(الشمري، ٢٠١٥: ١٧)




شێوەی (١) ستراتیژی Cubing

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیی Cubing لە پۆلدا لەلایەن مامۆستاوە

مامۆستا ستراتیژیی Cubing و چۆنییەتی بەکارهێنانیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە ڕوون ئەکاتەوە.

مامۆستا زانیاریی دەربارەی شەش لاکە ئەیاتە فێرخوازان و ڕاهێنانیان پێ ئەکات لەسەر چۆنییەتیی پێکهێنانی.

مامۆستا بەپێی توانا و ئارەزووی فێرخوازەکان دابەشیان ئەکات بۆ چەند گرووپێك.

مامۆستا ئەرکەکان بۆ گرووپەکان دائەنێت و سرووشتی کاری هەر گرووپێک روون ئەکاتەوە.
فێرخوازەکان زانیاریی کۆئەکەنەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەو زانیارییە کۆکراوانە ئەکەن، فێرخوازان ئەبێت لەسەر هەر رووبەکی شەش لاکە زانیارییەکان بنووسن.
هەر تاکێکی گرووپەکان دۆزینەوەکانی خۆی بۆ ئەندامانی گرووپەکەیان ئەخوێنێتەوە بۆ دانوستان و گفتوگۆ.
مامۆستا شێوەی کۆتایی شەش لاکە پیشان ئەیات کە، گرووپەکان پێی گەیشتوون (خالد، حنش، ٢٠٢٢: ٥٣٩).

**ئامانجەکانی ستراتیژی Cubing**

زیرەکیی زمانەوانیی لە نێو فێرخوازان گەشە ئەکات لە رێگەی ئەو گفتوگۆیانەی کە، لە نێوانیاندا روو ئەیەن لە کاتی پڕکردنەوەی شەش لاکە.
ئەتوانرێت زیرەکیی کۆمەڵایەتیی پەرەی پێ بدرێت ئەگەر فێرخوازان بە هاوکاریی لاکانی شەش لاکە، بنیات بنێن. (ابوسعدي والبلوشي، ٢٠٠٩: ٤٦٧).
ستراتیژیی کوبینگ یارمەتیی فێرخوازان ئەیات هەندێک پرۆسەی زانیاریی بەدەستبهێنن و تێگەیشتن لە بابەتەکە بە سەیرکردنی شەش لایەنی جۆراوجۆریی بابەتەکە.
زیرەکیی بیرکاریی و لۆژیکیی لە رێگەی ستراتیژیی Cubing و کۆکردنەوەی بیرۆکەو گەشەپێدانی هزرەوە، لەکاتێکدا بیرۆکەکان لە رووخساری شەش لاکەدا ئەخرێنە روو.
هاندانی فێرخوازان بۆ ئەوەی زیاتر نەرمونیان بن لە بیرکردنەوەکانیاندا بۆ ئەوەی بابەتەکە لە چەند لایەنێکەوە ببینن (عبدالوهاب، ٢٠٢٢: ٢٩٧).

## کارامەییەکانی گفتوگۆکردن

چەمکی گفتوگۆکردن:

گفتوگۆکردن بریتییە لە گفتوگۆی نێوان دوو لایەن یان زیاتر کە, ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکانیان ئەکەن تاوەکوو ئەگەنە تێگەیشتنێکی زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سوودبەخشەکان (شقورة، ٢٠٢١: ٢١).
کارامەیی گفتوگۆکردن یارمەتیدەرە لە پرۆسەی درووست کردنی پردی متمانە لە نێوان لایەنە دانوستانکارەکاندا، مرۆڤ پێویستی بە لێهاتوویی دیالۆگ هەیە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا نەک تەنها لە بواری کاردا، رەنگە مرۆڤ خۆی لە دۆخێکدا ببینێتەوە کە، پێویستیی بە بڕیاردانی پێویست بێت، جا لەگەڵ خۆی یان، خێزانەکەی یان، هاوڕێکانی کاتێک کەسەکە توانای گفتوگۆکردن بەدەست ئەهێنێت و بە سەرکەوتوویی پراکتیزەی ئەکات، بەدڵنیاییەوە ئەتوانێت متمانە لە کەسانی تر بەدەستبهێنێت، پەیوەندییەکی بەردەوام درووست بکات و قەناعەتیان پێ بکات لەوەی کە، پێویستی پێیەتی (ابو سعدة،٢٠١٧: ٦).
قسەکردن گرنگیی خۆی لەوەوە وەرئەگرێت کە، لە بووندا پێش نووسین بووە، ئێمە پێش ئەوەی بنووسین قسەمان کردووە، زیاتر قسە ئەکەین لەوەی بخوێنینەوە و بنووسین، هەروەها لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان مەیلی وەرگرتنی زمانیان هەیە بە گوێگرتن و پێیان باشە بە قسەکردن زیاتر بنێرن نەک بە نووسین، قسەکردن بۆ خوێندەوار و نەخوێندەواریش گونجاوە، بەوپێیەی توخمێکی جەوهەریی فێربوونە و ئامرازی تاکە بۆ دەربڕینی هەست و بۆچوون و بیرۆکەکانی، هاوکات یارمەتیدەرمانە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر و زانینی بیرۆکە و بۆچوونەکانیان، بنەمای

پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگاکانە، پێویستە قسە بکەیت، چاندنی متمانەبەخۆبوون لە تاکدا (مخلوف،٢٠٢١: ٣٣٥).

## گرنگیی گفتوگۆکردن

پاڵ بە مێشکی فێرخوازەوە ئەنێت بۆ دیدار و گفتوگۆ و بیرکردنەوە و ئەم توانایانە بەسە بۆ ئەوەی ببنە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی بیری فێرخوازان.

گفتوگۆ ئامرازێکە بۆ مامەڵەکردنی درووست ی فێرخوازان و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکیی و ململانێ و شەڕانگێزیی.

گەشە بە بیری دیموکراسیی ئەدات لای فێرخوازان.

گفتوگۆ ئامرازێکی پەروەردەیی بەهێزە لە گەیشتن بە ئامانجەکان و ئاشکراکردنی پێداویستییەکانی فێرخوازان.

زیادکردنی بوێریی فێرخواز و توانای رووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان و متمانە بەخۆبوون (الرومي، ٢٠١٤: ٣٤١).

## توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی (Apiag, Alia,٢٠٢١)

توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (کاریگەریی ستراتیژیی Cubing لەسەر ئەدای فێرخوازانی بنەڕەتیی) لەلایەن (Mary Grace Apiag, Alia leemarc) لە وڵاتی فیلیپین کراوە، بە ئامانجی زانینی کاریگەریی ستراتیژیی Cubing لەسەر ئەدای فێرخوازانی بنەڕەتیی.

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا میتۆدی توێژینەوەی ئەزموونییان بەکارهێناوە، فێرخوازانی پۆلی چوارەم و پۆلی پێنجەم و پۆلی شەشەم، پانزە (١٥) پرسیاریان پێدرا کە، پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە و دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکە هەمان پرسیار بوون، دوای بەدەستهێنانی داتا، بە بەکارهێنانی رێژەی سەدیی و تاقیکردنەوەی تائیی، داتاکان شیکرانەوە.

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە، جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندەژمێریی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی کە، بەپێی ستراتیژی Cubing وانەیان پێ ئەوترایەوە لەگەڵ فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە، هەمان بابەتیان بە رێگەی ئاسایی پێ ئەوترایەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە، بەکارهێنانی ستراتیژی Cubing ئەتوانێت ئەدای فێرخوازان لە زانستدا باشتر بکات (Apiag, Alia,٢٠٢١: ٥١).

## توێژینەوەی (Alqwrashy, ٢٠٢٠)

توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژیی کوبینگ لە گەشەپێدانی تێگەیشتن لە خوێندنەوە لای فێرخوازانی ناوەندیی EFLی عێراقیی و هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە، تا چەند کاریگەریی لەسەر هەڵوێستیان هەیە بەرامبەر بە خوێندنەوە) لە ولاتی عێراق کراوە و لە گۆڤارێکی نێودەوڵەتیی بڵاوکراوەتەوە لەلایەن توێژەران (Saadiya Wudaa Alquraishya, Ali Abdulhussein Sagbanb, Hisham Adnan AlMuma)، بە ئامانجی زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژیی کوبینگ لە گەشەپێدانی تێگەیشتن لە خوێندنەوە لای فێرخوازانی ناوەندیی EFLی عێراقیی و هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە، تا چەند کاریگەریی لەسەر هەڵوێستیان هەیە بەرامبەر بە خوێندنەوە.

توێژەران دیزاینی ئەزموونییان بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیاندا، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو گرووپی جیاوازدا دابەشکرا: ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو کە، (٣٠) سی فێرخواز بۆ هەر گرووپێك دانرابوو، فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو فێرکاریی خوێندنەوەیان پێکرابوو بەپێی ئەو شێوازە دیاریکراوەی کە، لە پۆلدا پەیڕەو ئەکرا، لەکاتێکدا

فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی بەپێی ستراتیجیی Cubing وانەیان پێ ئەوترایەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتن بەو ئەنجامەی کە، فێرکردنی خوێندنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجیی (Cubing)هوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە باشترکردنی تێگەیشتن و هەڵوێستی خوێندنەوەی فێرخوازانی ناوەندیی EFLی عێراقی بەرامبەر بە خوێندنەوە (Alqwrashy, ٢٠٢٠: ٣٣٩).

بەشی سێیەم: ڕێکاریی و لایەنی کرداریی توێژینەوەکە

-میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەران لە تۆێژینەوەکەیاندا دیزایینی ئەزموونگەرییان بەکارهێنا، کە ڕێگەچارەیەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فێرکردن(محمد، ٢٠٠٢: ٣٨٨)، بە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی کە، لە دوو گرووپ پێکدێت: گرووپی ئەزموونیی و گرووپی کۆنترۆڵکراو. گرووپی ئەزموونیی بەپێی ستراتیژی Cubing وانەیان پێ ئەوترێتەوە و گرووپی کۆنترۆڵکراو هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێ ئەوترێتەوە، بە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی بۆ گۆڕاوی کارامەیی گفتوگۆکردن، خشتەی (١).

خشتەی (١)

دیزاینی ئەزموونیی توێژینەوەکە

| گرووپ | تاقیکردنەوەی پێشیی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشیی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونیی | کارامەیی گفتوگۆکردن | ستراتیژی Cubing | کارامەیی گفتوگۆکردن |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

## ٣-٣-کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:

٣-٣-١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو فێرخوازانی پۆلی پێنجی بنەڕەتیی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە کە، ژمارەیان بریتییە لە (٢٢٨٥) فێرخواز لە (٤٥) قوتابخانەی حکومیی و ناحکومیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤).

٣-٣-٢- نموونەی توێژینەوەکە:

نموونە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە، توێژینەوەکەی لەسەر ئەکرێت و بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵئەبژێرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی درووست نوێنەرایەتیی کۆمەڵگاکە بکات.(داود وعبدالرحمن، ١٩٩٠، ١١٩) توێژەران فێرخوازانی پۆلی پێنجی بنەڕەتیی لە قوتابخانەی (لیدەرسی ناحکومیی) بۆ نموونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد، خشتەی (٢).

خشتەی (٢)

گرووپ و ژمارەی فێرخوازانی نموونەی توێژینەوەکە

| گرووپ | گرووپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی فێرخواز | ژمارەی فێرخواز دوورخراو | ژمارەی کۆتایی فێرخوازان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونیی | ستراتیژی Cubing | ٢٤ | ٣ | ٢١ |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ٢٣ | ٢ | ٢١ |
| کۆ | | | ٤٧ | ٥ | ٤٢ |

هاوسەنگیی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە:

توێـژەران هــەردوو گرووپــی توێژینەوەکەیـان هاوســەنگ کـرد لــەم گۆڕاوانــەدا: (تەمــەن، زیرەکیــ، ئاسـتی خوێندەواریــی دایـکان و بــاوکان، تاقیکردنــەوەی پێشــیی بــۆ پێــوەری گەشــەپێدانی کارامەیــی گفتوگۆکــردن).

ئاستی خوێندەواریی باوکان و دایکانی فێرخواز

مەبەسـت لـە ئاسـتی خوێندەواریـی بـاوکان و دایـکانی فێرخـواز ئەوەیـە کـە، توێژەران بۆیـان روون ببێتـەوە بـاوك و دایـکی فێرخـوازانی هـەردوو گرووپـی توێژینەوەکـە خـاوەنی چـی ئاسـتێکن لـەو ئاسـتانەی توێـژەران دیارییانکـردووە کـە، ژمارەیـان (٣) سـێ ئاسـتە (بێبڕوانامـە، بنەڕەتیـی و ئامادەیـی، پەیمانـگا و کۆلیـژ بـە سـەرەوە)، پاشـان توێـژەران هەسـتان بـە دیاریکردنـی بەهـای هەریـەك لـە ئاسـتەکان بەپێـی خوێندەواریـی و بڕوانامەیـان، خشـتەی (٣).

خشتەی (٣)

ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی فێرخوازان

| ز | ئاستی خوێندەواریی | بەهاکان |
|---|---|---|
| ١ | بێ بڕوانامە | ١ |
| ٢ | بنەڕەتیی و ئامادەیی | ٢ |
| ٣ | پەیمانگا و کۆلیژ بە سەرەوە | ٣ |

٣-٤-١-١- ئاستی خوێندەواریی باوکان

توێـژەران ئاسـتی خوێندەواریـی بـاوکانی فێرخوازانیـان لـە دۆسـییەی فێرخـوازان لـە کارگێڕیـی قوتابخانـە و لـە ڕێگـەی فۆرمێکـەوە لـە فێرخوازانــەوە بەدەسـتهێنا، بـۆ زانینـی جیاوازیـی لەنێـوان هـەردوو گرووپەکـە هاوکۆلکـەی ئاماریـی (کای سـکوێر)یان بەکارهێنـا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت، جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزموونیـی و گرووپـی کۆنترۆڵکـراودا لـە ئاسـتی خوێندەواریـی بـاوکانی فێرخـوازان، واتـە هـەردوو گـرووپ هاوسـەنگن لەگـۆڕاوی ئاسـتی خوێندەواریـی بـاوکان، خشـتەی (٤).

خشتەی (٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی کایی دووجا بۆ جیاوازیی نێوان ئاستی خوێندنی باوکانی فێرخوازانی هەردوو گرووپ

| گرووپ | بێبڕوانامە | بنەڕەتی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ. فێرخواز | نرخی کای دووجا | | بەڵگەداریی لەئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٤ | ٥ | ١٢ | ٢١ | ٠,٦٥١ | ٥,٩٩١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٥ | ٣ | ١٣ | ٢١ | | | |
| کۆ | ٩ | ٨ | ٢٥ | ٤٢ | | | |

ئاستی خوێندەواریی دایکان

توێـژەران ئاستی خوێندەواریـی دایـکانی فێرخوازانیـان لـە دۆسـییەی فێرخـوازان لـە کارگێڕیـی قوتابخانـە و لـە ڕێگـەی فۆرمێکـەوە لـە فێرخوازانـەوە بەدەسـتهێنا، بـۆ زانینـی جیاوازیـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپەکـە هاوکۆلکـەی ئاماریـی (کای سـکوێر)یان بەکارهێنـا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمـوونی و گرووپـی کۆنترۆڵکـراودا لـە ئاسـتی خوێندەواریـی دایـکانی فێرخـوازان واتـە هـەردوو گـرووپ هاوسـەنگن لـە گـۆڕاوی ئاسـتی خوێندەواریـی دایـکان، خشـتەی (٥).

خشتەی (٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی کایی دووجا بۆ جیاوازیی نێوان ئاستی خوێندنی دایکانی فێرخوازانی هەردوو گرووپ

| گرووپ | بێبڕوانامە | بنەڕەتی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ. فێرخواز | نرخی کای دووجا | | بەڵگەداریی لەئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٥ | ٧ | ٩ | ٢١ | ٠,١٢٥ | ٥,٩٩١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٥ | ٨ | ٨ | ٢١ | | | |
| کۆ | ١٠ | ١٥ | ١٧ | ٤٢ | | | |

## ٣-٤-١-٣- تەمەنی فێرخوازان

توێـژەران تەمـەنی فێرخوازانیـان لـە ڕێگـەی تۆمـاری دۆسـییەی تایبەتیـی فێرخـوازانی نموونـەی توێژینەوەکـە وەرگـرت، سـەرەڕای دابەشـکردنی فۆرمـی تایبـەت بەسـەر فێرخوازانـدا بـۆ وەرگرتنـی ڕێکـەوتی ڕۆژ و مانـگ و سـاڵی تەمەنیـان، پـاش وەرگرتنـی داتـاکان و بەکارهێنـانی تاقیکردنـەوەی (T.test) بـۆ دوو بـڕاردەی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان بـە مەبەسـتی زانینـی جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزموونیـی و کۆنترۆڵـکـراودا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە، جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لەنێـوان ناوەندەژمێـری گرووپـی ئەزموونیـی (١٢٠,٦١٩) و گرووپـی

کۆنترۆڵکـراو (١٢١,٦١٩)، لەبـەر ئـەوەی بەهـای هەژمارکـراو (١,٠١٧) بچووکـترە لـە بەهـای خشـتەی (٢,٠٢١)، کەواتـە فێرخـوازانی هـەردوو گـرووپ لـە گـۆڕاوی تەمەنـدا هاوسـەنگن، خشـتەی (٦).

خشتەی (٦)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی T بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی فێرخوازانی هەردوو گرووپ

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ١٢٠,٦١٩ | ٢,٩٢٤ | ١,٠١٧ | ٢,٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٢١,٦١٩ | ٣,٤٢٧ | | | |

زیرەکیی

توێـژەران پشـتیان بـە تاقیکردنـەوەی (جـۆن ڕافـن) بەسـتووە بـۆ دیاریکـردنی زیرەکیـی کـە, بـۆ ژینگـەی عێـراق گونجـاوە، تاقیکردنەوەکـە لـە یـەك كاتـدا بەسـەر هـەردوو گرووپـی ئەزموونیـی و کۆنترۆڵکـراودا جێبەجێکـرا و پاشـان ناوەندەژمێـری بـۆ دەرهێـنرا، دواتـر بـۆ زانیینـی جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی لـە نێـوان هـەردوو ناوەندەژمێرییەکـە, توێـژەران تاقیکردنـەوەی (T.test)یـان بـۆ دوو بـژاردەی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان بەکارهێنـا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە, جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە نێـوان هـەردوو ناوەندەژمێرییەکـەدا، گرووپـی ئەزموونیـی (٢٨,٣٣٨) و گرووپـی کۆنترۆڵکـراو (٢٩,١٩٠)، لەبـەر ئـەوەی، بەهـای هەژمارکـراو (٠,٦٨٠) بچووکـترە لـە بەهـای خشـتەی (٢,٠٢١)، کەواتـە فێرخـوازانی هـەردوو گـرووپ هاوسـەنگن لـە زیرەکییـدا، خشـتەی (٧).

خشتەی (٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی T بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری فێرخوازانی هەردوو گرووپ لە زیرەکدا

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٢٨,٣٣٨ | ٥,٠٥٩ | ٠,٦٨٠ | ٢,٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٩,١٩٠ | ٣,٩٥٨ | | | |

## ٣-٥- تاقیکردنەوەی پێشیی بۆ پێوەری کارامەیی گفتوگۆکردن

توێـژەران ناوەندەژمێـر و لادانی پێوەریـی بـۆ نمـرەی پێـوەری کارامەیـی گفتوگۆکـردنی فێرخـوازانی هـەردوو گرووپـی توێژینـەوە لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە تاقیکردنـەوەی پێشـیی دەرهێنـا لـە ڕێگـەی بەکارهێنـانی تاقیکردنـەوەی (T.test) بـۆ دوو گرووپـی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە, جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لەنێـوان ناوەندەژمێریـی فێرخـوازانی گرووپـی ئەزموونیـی و ناوەندەژمێریـی فێرخـوازانی

گرووپـی کۆنترۆڵکـراو چونکـە، بەهـای هەژمارکـراو بچووکـترە لـە بەهـای خشـتەیی، خشـتەی (٨).

خشتەی (٨)

ئەنجامـی تاقیکردنـەوەی T بـۆ جیاوازیـی نێـوان ناوەندەژمێریـی پێشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن فێرخـوازانی هـەردوو گـرووپ

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٧٠،٠٩٥ | ٦،٠٨٢ | ٠،٥١٥ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٧١،١٤٣ | ٧،٠٦٦ | | | |

٣-٦- ئامادەکردنی پێوەری کارامەیی گفتوگۆکردن

توێـژەران پێوەرێکیـان ئامادەکـرد بـۆ کارامەیـی گفتوگۆکـردن، بـە سـودوەرگرتن لـە توێژینـەوەکانی پێشـووی نزیـك لـە ناونیشـانەکەی کـە، هەمـان گـۆڕاوی پاشـکۆیان بەکارهێنـاوە، پاشـان پێوەرەکەیـان خسـتە بـەر دەسـتی کۆمەڵـە مامۆستایەکی پسـپۆر و شـارەزای بـواری پـەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنـەوە، بـۆ دەرهێنـانی ڕاسـتێتی پێوەرەکـە و گونجاویـی بڕگـەکانی، پـاش چاککردنـەوەی بڕگـەکان و داڕشـتنەوەی ئامادەکـرا.

٣-٧- ڕاستـێتیی و درووست یی ئامراز (ڕاستێتی رووکەشیی)

بـۆ دەرهێنـانی ڕاسـتێتیی و درووسـت یـی پێـوەر، ئەبـێ پێوەرەکـە بخرێتـە بەردەسـتی کۆمەڵـە پسـپۆڕێکی بوارەکـە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر گونجاویـی بڕگـەکانی پێوەرەکـە (اکبر، ٢٠١١: ٤٥)، توێـژەران پێوەرەکەیـان خسـتە بـەر دەسـتی کۆمەڵێـك پسـپۆر و شـارەزای بـواری پـەروەردە و دەروونیـی (پاشـکۆی ژمـارە ١) بەمەبەسـتی زانینـی گونجاویـی بڕگـەکانی پێوەرەکـە بـۆ فێرخـوازانی پـۆلی پێنجـی بنەڕەتیـی، پـاش گەڕاندنـەوەی پێوەرەکـە و پشتبەسـتن بـە ڕێـژەی ڕازیبـوونی (٨٠٪) و زیاتـری دادوەران بـۆ هـەر بڕگەیـەك، دوای ئـەوەی ڕێـژەی ڕازیبـوونی هـەر بەندێـکی پێوەرەکـە دەرهێـنرا کـە، ((٨٧٪ بـوو.

## ٣-٨- جێگیریی

توێــژەران جێگیریــی پێوەرەکەیــان دەرهێنــا لــە ڕێگــەی وەرگرتنــی نموونەیــەك، دوور لــە نموونــەی ســەرەکیی توێژینەوەکـە، بەشـێوەی تاقیکردنـەوە و دووبـارە تاقیکردنـەوە (test re-test) کـە، بریتیـی بـوون لـە (١٧) فێرخـواز لـە فێرخـوازانی پـۆلی پێنجـی بنەڕەتیـی لـە قوتابخانـەی (لیـدەرس)ی ناحکومیـی، لـە ئەنجامـدا جێگیریـی پێوەرەکـە بەدەسـتهات بـە پلـەی (٠،٨٩) بەپێـی هاوکۆلکـەی ئاماریـی پێرسـۆن.

## ٣-٩- هێزی جیاکەرەوە

مەبەسـت لـە هێـزی جیاکـەرەوەی بڕگـە ئەوەیـە کـە، بڕگـەکانی تاقیکردنەوەکـە بتوانێـت جیاوازیـی بـکات لەنێـوان خوێنـدکارانی کۆمەڵـەی بـەرز و خوێنـدکارانی کۆمەڵـەی نـزم، توێـژەر لـە ڕێگـەی هاوکۆلکـەی هێـزی جیاکـەرەوەوە، هێـزی جیاکـەرەوەی بڕگـەکانی دەرهێنـا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت هێـزی جیاکـەرەوەی بڕگـەکان ئەکەوێتـە نێـوان (٠،٣٣ بـۆ ٠،٣٨) کـە، ئەمـەش بـە رای (الإمـام واخـرون، ١٩٩٠ :١١٩) بەگونجـاو دائەنرێـت بـۆ بەکارهێنـانی بڕگـەکانی پێوەرەکـە وەکـوو

ئامرازێـکی پشتپێبەسـتراو لـە ئەزمـوونی توێژینەوەکـە.

بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

٤-١- خستنەڕووی ئەنجامەکان

دوای تەواوبـوونی مـاوەی ئەزموونیـی توێژینەوەکـە، توێـژەران ئەنجامەکانیـان خسـتەڕوو بەپێـی گریمانـەکان و لەرێگـەی بەراوردکـردنی ئـەو داتایانـەی بەدەسـتیان هێنابـوو بـەم شـێوەیە:

## گریمانەی یەکەم:

جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە ئاسـتی (٠,٠٥)ی فێرخـوازان لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی ئەزموونیـی کـە، بابـەت بەپێـی سـتراتیژی کوبینـگ وەرئەگـرن لەگـەڵ ناوەندەژمێـری فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو کـە، هەمـان بابـەت بـە رێگـەی ئاسـایی وەرئەگـرن لـە تاقیکردنـەوەی پاشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن.

توێـژەران ناوەندەژمێریـی و لادانی پێوەریـی بـۆ نمـرەی پێوەریـی کارامەیـی گفتوگۆکـردنی فێرخـوازانی هـەردوو گرووپـی توێژینـەوە لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان دەرهێنـا لـە رێگـەی بەکارهێنـانی تاقیکردنـەوەی (T.test) بـۆ دوو گرووپـی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە، جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لەنێـوان ناوەندەژمێریـی فێرخـوازانی گرووپـی ئەزموونیـی و ناوەندەژمێریـی فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو چونکـە، بەهـای هەژمارکـراو گەورەتـرە لـە بەهـای خشـتەیی، ئەمـەش روونـی ئەکاتـەوە کـە، بەڵگـەدارە لـە بەرژەوەندیـی گرووپـی ئەزموونیـی، واتـە سـتراتیژی کوبینـگ کاریگەریـی هەیـە لـە گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان بـەراورد بـە رێگـەی ئاسـایی، خشـتەی (٩).

خشتەی (٩)

ئەنجامـی تاقیکردنـەوەی T بـۆ جیاوازیـی نێـوان ناوەندەژمێـری پاشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن فێرخـوازانی هـەردوو گـرووپ

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٩٨,٦٦٧ | ٩,٣٩٣ | ٥,٠٢٥ | ٢,٠٢١ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٨٣,٢٨٦ | ١٠,٤١٧ | | | |

بـە پێـی خشـتەی (٩) جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لەنێـوان گرووپـی ئەزموونیـی و گرووپـی کۆنترۆڵکـراودا لـە تاقیکردنـەوەی گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لـە بەرژەوەندیـی گرووپـی ئەزموونیـی، کەواتـە: گریمانـەی (سـفری) رەت دەکرێتـەوە کـە، توێـژەر داینابـوو و گریمانـەی جێگـرەوە پەسـەند دەکرێـت.

## گریمانەی دووەم:

جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نییە لە ئاستی (٠،٠٥)ی فێرخوازان لە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان ناوەندەژمێری فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی کە، بابەت بەپێی ستراتیجی Cubing وەرئەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن.

توێژەران ناوەندەژمێری و لادانی پێوەریی لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی بۆ نمرەی پێوەری کارامەیی گفتوگۆکردنی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی لە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو گرووپی هاوپەیوەست، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە، جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی لەنێوان ناوەندەژمێریی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی دا هەیە چونکە، بەهای هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، ئەمەش ئەوە روون ئەکاتەوە کە، بەڵگەدارە لە بەرژەوەندیی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشیی دا، واتە ستراتیجی Cubing کاریگەریی هەیە لە گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن لەبابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، خشتەی (١٠).

خشتەی (١٠)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی T بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری پێشیی و پاشیی پێوەری گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن فێرخوازانی گرووپی ئەزموونیی

| گرووپی ئەزموونیی | | جیاوازیی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشیی | ٧٠،٠٩٥ | ٢٨،٥٧٢ | ٦،٠٨٢ | ١٠،١٤٢ | ٢،٠٨٦ | بەڵگەدارە |
| پاشیی | ٩٨،٦٦٧ | | ٩،٣٩٣ | | | |

بە پێی خشتەی (١٠) جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی هەیە لەنێوان گرووپی ئەزموونیی لە تاقیکردنەوەی پێوەریی گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن لە بەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی پاشیی، کەواتە: گریمانەی (سفریی) رەت ئەکرێتەوە کە، توێژەران دایاننابوو و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

گریمانەی سێیەم:

جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نییە لە ئاستی (٠،٠٥)ی فێرخوازان لە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان ناوەندەژمێریی فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە، بابەت بەپێی رێگای ئاسایی وەرئەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی پێوەری گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆکردن.

توێژەران ناوەندەژمێریی و لادانی پێوەریی لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشیی بۆ نمرەی پێوەریی کارامەیی گفتوگۆکردنی فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا، لەرێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو گرووپی هاوپەیوەست، لەئەنجامدا دەرکەوت کە، جیاوازیی بەڵگەدار ئاماریی لەنێوان ناوەندەژمێریی فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشیی و پاشییدا هەیە چونکە،

بەهـای هەژمارکـراو گەورەتـرە لـە بەهـای خشـتەیی، ئەمـەش ئـەوە روون ئەکاتـەوە کـە، بەڵگـەدارە لـە بەرژهوەندیـی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو لـە تاقیکردنـەوەی پاشـییدا، واتـە رێـگای ئاسـایی کاریگەریـی هەیـە لـە گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان، خشـتەی (١١).

خشتەی (١١)

ئەنجامـی تاقیکردنـەوەی T بـۆ جیاوازیـی نێـوان ناوەندەژمێـری پێشـیی و پاشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو

| گرووپی کۆنترۆڵکراو | ناوەندەژمێریی | جیاوازیی | لادانی پێوەریی | نرخی T | | بەڵگەداریی لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشیی | ٧١,١٤٣ | ١٢,١٤٣ | ٧,٠٦٦ | ٤,٠٠١ | ٢,٠٨٦ | بەڵگەدارە |
| پاشیی | ٨٣,٢٨٦ | | ١٠,٤١٧ | | | |

بـە پێـی خشـتەی (١١) جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لای گرووپـی کۆنترۆڵکـراو لـە تاقیکردنـەوەی پێشـیی و پاشـیی پێـوەری گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لـە بەرژهوەندیـی تاقیکردنـەوەی پاشـیی، کەواتـە: گریمانـەی (سـفری) رەت ئەکرێتـەوە کـە، توێـژەران دایاننابـوو و گریمانـەی جێگـرەوە پەسـەند ئەکرێـت.

٢-٤- گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان

لەو ئەنجامانەی لە هەریەکە لە خشتەکانی (٩ ، ١٠، ١١) خراونەتە روو دەرئەکەوێت کە:

وانەوتنـەوە بـە سـتراتیژی Cubing کاریگـەر و کارایـە لـە سـەر گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن لای فێرخـوازانی پـۆلی پێنجـی بنەڕەتیـی، گەشـەپێدانی کارامەیـی گفتوگۆکـردن باشـتر بـووە لای خوێنـدکارانی گرووپـی ئەزموونیـی بـەراورد بـە گرووپـی کۆنترۆڵکـراو کـە، هەمـان بابەتیـان بەرێـگای ئاسـایی وەرئەگـرت، بـۆ گفتوگۆکـردنی ئەنجامـەکان سـوود لـە توێژینـەوەکانی پێشـوو وەرگیـراوە و ئـەم ئەنجامەیـش تەبایـە لەگـەڵ ئەنجامـی توێژینـەوەکانی پێشـووی نزیـك لـە ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە.

توێـژەران بۆیـان دەرکـەوت وانەوتنـەوە بـە سـتراتیژی Cubing وائـەکات فێرخـوازان لەبابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان باشـتر بیربکەنـەوە و بۆچونەکانیـان دەرببـڕن، بـە بۆچـوونی توێـژەران سـتراتیژی (Cubing) وا ئـەکات فێرخـوازان بەگرنگییـەوە لـە بابـەتی کارامەیـی و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان بڕوانـن.

سـتراتیژی Cubing هانـدەر و یارمەتیـدەری فێرخوازانـە بـۆ دەربڕیـن و گفتوگۆکـردن و پرسـیارکردن و وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان بـە بـێ شـەرم و دوودڵیـی ئەمـەش هۆکارێـکی یارمەتیـدەرە بـۆ سـەرکەوتنی سـتراتیژییەکە.

فێرخـوازانی گرووپـی کۆنترۆڵکـراو لـە تاقیکردنـەوەی پاشـییدا گەشـەیانکردووە بـەراورد بـە هەمـان گـرووپ لـە تاقیکردنـەوەی پێشـیی و کەمـتر گەشـەیانکردووە لـە لێهاتوویـیەکانی گفتوگۆکـردن بـەراورد بـە گرووپـی ئەزموونیـی.

بەشی پێنجەم: دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان

٥-١- دەرەنجامەکان

دوای بەدەستهێنانی داتا و لەرێگەی شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، توێژەران توانییان بگەن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

بەکارهێنانی ستراتیژی Cubing کاریگەریی کارا و بەرچاوی هەیە چونکە، فێرخوازانی گروپی ئەزموونیی ناوەندەژمێرییان (٩٨,٦٦٧) بەراورد بە رێگای ئاسایی، کە ناوەندەژمێرییان (٨٣,٢٨٦) لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی گفتوگۆکردن.

بەکارهێنانی ستراتییژی Cubing وا لە فێرخوازان ئەکات زیاتر چالاك بن و ببنە هۆی خۆشیی خستنە نێو وانەکە و چالاکیی زۆرتر بکەن چونکە بەهای هەژمارکراو (٥,٠٢٥) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢١).

٥-٢- ڕاسپاردەکان

لە کۆتای توێژینەوەکەدا و لە رێگەی ئەو ئەنجامانەی لە خشتەکانیی (٩، ١٠، ١١)هوە بە دەستهاتوون توێژەران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار ئەکەن:

١- ڕاهێنانکردن بەو مامۆستایانەی لە قۆناغی بنەڕەتیی وانەی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەڵێنەوە لەسەر بەکارهێنانی ستراتییژی Cubing لەرێگەی خوولی ڕاهێنانەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارەکانەوە.

٢- دانانی وانەی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو مامۆستایانەی ڕاهێنانیان کردووە لەسەر ستراتییژە نوێ و کاراکانی وانەوتنەوە بە تایبەتیی ستراتییژی Cubing لە لایەن بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانەوە.

٥-٣- پێشنیازەکان

توێژەران ئەم پێشنیازەی خوارەوە ئەخەنە روو بۆ ئەوەی توێژەران لە داهاتوودا توێژینەوەیان لەسەر بکەن:

کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتییژی Cubing لەسەر گەشەپێدانی بیری ڕەخنەگرانە لە بابەتی کۆمەڵایەتیی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیی.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی عەرەبیی:**


- ابو سعدة، صفاء (٢٠١٧)، فن مهارة التفاوض والحوار (التفاوض والحوار باحتراف)، دار خالد اللحياني للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.

- أحمد، سارة عبد الستار الصاوي (٢٠١٩)، فاعلية استراتيجية المكعب في تدريس الدراسات الاجتماعية على تنمية بعض مهارات التخيل التاريخي ولاتجاه نحو العمل الجماعي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلة العلمية لكلية التربية، جامعة اسيوط، المجلد (٢٥)، العدد الثامن.

- اكبر، شيماء حسين (٢٠١١)، مقروئية كتاب الفيزياء للصف الثاني المتوسط وعلاقتها بالقدرة القرائية للطلبة، رسالة ماجستير كلية التربية ابن الهيثم، جامعة بغداد.

- أمبو سعيدي، عبدالله بن خميس وسليمان بن محمد البلوشي (٢٠٠٩)، طرائق تدريس العلوم مفاهيم وتطبيقات عملية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن.

- ــــــــــــــــــــــــــ (٢٠١١)، طرائق تدريس العلوم مفاهيم وتطبيقات عملية، ط٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن.
الامام، مصطفى محمود وانور حسين عبدالرحمن وصباح حسين العجيلي (١٩٩٠): التقويم والقياس، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد.
- الرومي، احمد بن عبد العزيز (٢٠١٤)، الدواعي المعريفية والوطنية لتعزيز ثقافة الحوارلدى طلاب المرحلتين المتوسطة والثانوية من وجهة نظر المعلمين، مجلة جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، العلوم التربوية، العدد الرابع – ج١.
- الزويني، ابتسام صاحب، ضياء العرنوسي وحيدر حاتم (٢٠١٣)، المناهج وتحليل الكتب، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
- الشمري، زينب حسن علي (٢٠١٥)، فاعلية استعمال استراتيجية المكعب في تنمية التفكير التركيبي لدى طالبلت الصف الخامس الادبي في مادة الجغرافية، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة بابل، عيراق.
- خالد، رنا ابراهيم وشهاب احمد حنش (٢٠٢٢)، اثر استراتيجية المكعب في قدرة طالبات الصف الرابع الادبي على تحليل النصوص الادبية، مجلة ابحاث كلية التربية الأساسية، المجلد ١٨، العدد ١.
- سيد، أسماء محمد عبد العضيم (٢٠٢١)، استخدام مدخل قضايا الجدلية في تدريس الفلسفة لتنمية مهارات الحوار وبقاء أثر التعلم لدى طلاب المرحلة الثانوية، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد الخامس عشر، العدد السادس عشر.
- شقورة، فداء حسن احمد (٢٠١٥)، أثر إثراء محتوا كتاب التربية المدنية في تنمية قيم الحوار لدى طلبة الصف الرابع الأساسي، رسالة الماجستير، كلية التربية، الجامعة الإسلامية – غزة.
- عبدالوهاب، امير فاضل حميد (٢٠٢٣)، اثر استخدام نموذج المكعب في تحصيل طلبة قسم الفيزياء لمادة طرائق التدريس، مجلة ابحاث كلية التربية الأساسية، المجلد ١٩، العدد ١.
- علي، محمد السيد (٢٠١٠)، موسوعة المصطلحات التربوية، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
- اللولو، فتحية صبحي سالم (٢٠٠٦)، استراتيجيات حديثة في التدريس، كلية التربية، جامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.
- مخلوف، دينا السيد عبد الواحد (٢٠٢١)، استراتيجية التعلم المنم ذاتيا لتنمية مهارات المحادثة والحوار وادابهما لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة المنصورة، مصر.
- التميمي، محمد طاهر ناصر حسين (٢٠٠٥)، أثر استخدام الستراتيجتي الملخصات العامة وأسئلة التحضير القبلية في تحصيل طلاب الصف الخامس الآدبي في مادة التاريخ الحديث، اتروحة الدكتورا (غير منشورة) ، الجامعة المستنصرية ، كلية التربية.
- قزامل، سونيا هانم علي (٢٠١٢) ، طرق التدريس المعاصرة ، الطبعة الأولى، عالم الكتب ، القاهرة – مصر.
- حيلة، محمد محمود (٢٠٠٧)، مهارات التدريس الصفي، ط٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

### دووەم: بە زمانی ئینگلیزیی:

- Apiag, Mary Grace, Alia leemarc (٢٠٢١), Teaching Science Using Cubing Technique for Selected Elementary Grade Level, Journal of Education & Social Policy, Vol. ٨, No. ١.
- AlMumar, Hisham Adnan Sagbanb, Ali Abdulhussein Wudaa, Saadiya Alquraishya (٢٠٢٠), The Role of

Cubing Strategy in Improving Iraqi EFL Intermediate Learners' Reading Comprehension and Attitude, International Journal of Innovation, Creativity and Change, Volume ١١, Issue ٦.

پاشكۆی (١)

لیستی ناوی پسپۆران

| ز | ناوی سیانیی | پسپۆریی | نازناوی زانستیی | شوێنی كاركردن |
|---|---|---|---|---|
| | د.سلوى احمد امين | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆر | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| | د.شوان فرج سعيد | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی گەرمیان |
| | د.مناضل عباس قاسم | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی گەرمیان |
| | م.يوسف فخرالدين حسين | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| | د.تانيا نورالدين صابر | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | مامۆستا | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| | د.ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر | فەلسەفەی پەروەردە | مامۆستا | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| | د. عثمان عبدالله امين | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | مامۆستا | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |
| | د. هيوا غفار على | پێداگۆجیای گشتیی | مامۆستا | پەروەردەی گەرمیان |
| | د. ڕوا محمد صالح | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | مامۆستا | زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر |

## أثر استخدام استراتيجية المكعب في تنمية مهارات الحوار في مادة المهارات والقيم الاجتماعية
لدى طلاب الصف الخامس الاساسي بمدرسة (ليدرس) أنموذجا.


## ملخص البحث

يهدف البحث المعرفة أثر استخدام استراتيجية المكعب في تنمية مهارات الحوار في مادة المهارات والقيم الاجتماعية لدى طلاب الصف الخامس الاساسي، استخدم الباحثون في دراستهم منهج التجريبي التي يلائم لغرض الدراسة، وهو التصميم القبلي والبعدي. اختبار تنمية مهارات الحوار، يتكون من مجموعتين، مجموعة تجريبية ومجموعة ضابطة، يتم تدريس المجموعة التجريبية وفق استراتيجية المكعب والمجموعة الضابطة نفس المادة بالطريقة الاعتيادية. يشمل مجتمع البحث جميع طلاب الصف الخامس في المدارس الابتدائية في محافظة حلبجة، عددهم (٢٢٨٥) طالبا في (٤٥) مدرسة حكومية وغير حكومية للعام الدراسي (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤)، الباحثين من طلاب الصف الخامس في مدرسة (ليدرس غير الحكومية) لعينة بحثه.

وأجرى الباحث تكافئآ بين المجموعات الدراسة على هذه المتغيرات (العمر، الذكاء، التحصيل الدراسي الأبوين، درجات

التطبيـق القبـلي المقيـاس مهـارات الحـوار)، اسـتخرج الباحـث صـدق وثبـات المقيـاس التـي بلـغ صـدق المقيـاس (٠,٨٧) ، والثبـات (٠,٨٩) والـذي يعتـبر ثباتـاً مناسـباً، مقبـولاً.

بعـد الانتهـاء مـن التجربـة وجمـع البيانـات أجـرى الباحثـون اختبـارات وتحليـلات إحصائيـة عـلى البيانـات التـي تـم الحصـول عليهـا مـن خـلال اسـتعمال الحزمـة الإحصائيـة (Spss) ، فأظهـرت الاسـتنتاجات الاتيـة منهـا:

١. إن اسـتخدام إسـتراتيجية المكعـب لـه تأثـير كبـير لأن طـلاب المجموعـة التجريبيـة حصلـوا عـلى متوسـط الحسـابي (٩٨,٦٦٧) مقارنـة بالطريقـة اعتياديـة التـي لديهـا متوسـط الحسـابي (٨٣,٢٨٦) في تنميـة مهـارات الحـوار.

٢. اسـتخدام اسـتراتيجية المكعـب يجعـل الطـلاب أكـثر نشـاطا ويجعلهـم يسـتمتعون بالـدرس ويقومـون بمزيـد مـن الأنشـطة جعـل الـدرس ممتعـا وأكـثر نشـاطا لأن القيمـة المحسـوبة (٥,٠٢٥) أكـبر مـن القيمـة الجدوليـة (٢,٠٢١).

وفي نهايـة الدراسـة ومـن خـلال النتائـج التـي تـم الحصـول عليهـا في الجـداول (٩، ١٠، ١١) قـدم الباحثـون التوصيـات التاليـة للجهـات مختـص:

١- تدريـب معلـم والمعلـمات عـلى التدريـس المهـارات والقيـم الاجتماعيـة بالمـدارس الابتدائيـة عـلى اسـتخدام اسـتراتيجية المكعـب مـن خـلال الـدورات التدريبيـة التـي تنظمهـا مديريـة التدريـب ضمـن مديريـات التربيـة بالمدينـة.

٢- إعـداد دروس المهـارات والقيـم الاجتماعيـة للمعلمـين الذيـن تـم تدريبهـم عـلى اسـتراتيجيات التدريـس الجديـدة والفعالـة، وخاصـة اسـتراتيجي المكعـب مـن قبـل مديـر المـدارس.

وفي نهايـة الدراسـة اقـترح الباحثـون عنوانـاً: أثـر اسـتخدام اسـتراتيجية المكعـب في تنميـة التفكـير الناقـد في مـادة الاجتماعيـة لـدى طـلاب الصـف الخامـس الأسـاسي.

## The effect of using the Cubing strategy in developing dialogue skills in the subject of social skills and values

among fifth-grade students of Leaders School as an example.

## Abstract

The research aimed to identify the effect of using the Cubing strategy in developing dialogue skills in the subject of social skills and values among fifth-grade students. In their study, the researchers used the experimental design used and appropriate for the purpose of the study, which is the pre- and post-test design. The developing dialogue skills test consists of two groups, an experimental group and a control group. The experimental group is taught according to the cube strategy and the control group is taught the same material in the usual way. The research community includes all fifth-grade students in primary schools in Halabja Governorate, their number is (2285) students in (45) governmental and non-governmental schools for the academic year (2023 - 2024). The researchers are fifth-grade students in the (Leaders non-governmental) school for his research sample.

The researcher conducted an equal study between the study groups on these variables (age, intelligence,

parental academic achievement, scores of the pre-application of the dialogue skills scale). The researcher extracted the validity and reliability of the scale, as the validity of the scale reached (0.87), and the reliability was (0.89), which is considered an appropriate and acceptable reliability.

After completing the experiment and collecting data, the researcher conducted statistical tests and analyzes on the data obtained through the use of the statistical package (SPSS), results show that :

1- Using the Cubing strategy has a significant impact because the students of the experimental group obtained an arithmetic average of (98.667) compared to the traditional method, which has an arithmetic average of (83.286) in developing dialogue skills.

2. Using the Cubing strategy makes students more active and makes them enjoy the lesson and do more activities. It makes the lesson interesting and more active because the calculated value (5.025) is greater than the tabulated value (2.021).

At the end of the study, and through the results obtained in Tables (9, 10, and 11), the researchers presented the following recommendations to the relevant authorities:

-1 Training teachers of teaching skills and social values in primary schools to use the cube strategy through training courses organized by the Training Directorate within the city's education directorates.

-2 Preparing lessons on social skills and values for teachers who have been trained on new and effective teaching strategies, especially the strategic Cubing, by the school principal.

At the end of the study, the researchers proposed a title: The effect of using the Cubing strategy in developing critical thinking in the social subject among fifth-grade students.